# نەء .... بۆ .... فیدرالیزم

كوردستانی ڕۆژهەڵات: **ئاور**

**sirwan_22222 @ yahoo. com**

تـۆ بڵێـی: ئـەنفـال بـە ١٨٢٠٠٠ قوربانـی یەوە، لە ئەفریقادا بەفەرمانی دیكتاتۆرێكی سپی پێست نەخوڵقا بێت؟!

تۆ بڵێی: هەڵەبجە شارۆچكەیەک لە ئۆقیانووسی ئارام دا نەبێت؟!

تۆ بڵێی: ٨٠٠٠ بارزانی لە چیاكانی ئوستترالیادا بێ سەروشوێن نەكرابێتن؟

تۆ بڵێی: مەلا موستەفای بارزانی، ئەو زاتەی ئاڵای كوردستانی، وەک یادگار، لە پێشەواقازی وەرگرت، تا شاخ بە شاخ و وڵات بە وڵاتی بگێڕێ و سەرئەنجام لە شار و دێهاتی كوردستاندا بیشەكێنێتەوە.

ئـەوبارزانـی‌یـەی، حیماسـەی سـەفەرێكی مێژوویی نەتەوەیی ئافراند، سەركردەیەكی ئەورووپی نەبوو بێت؟

تۆ بڵێی: لەیلا قاسم كچە چاوشینێكی هوڵەندی نەبووبێت؟

تۆ بڵێی: ئەوانەی قارەمانانە لە بەندیخانەكانی استخاراتی بەعس دا گیانیان بەخت كرد، خەڵكی ئەتیووپی و سودان نەبووبێتن؟!

تـۆ بڵێـی: دەسـت درێـژی بـۆ سـەرناموسی كەس و كاری پێشمەرگەی كورد، كاری كانەدا و مێكزیک نەبووبێت؟

حاشا ... حاشا پان عەرەبیزم و كورد قڕان؟!!

ئێمە براین، برای گیانی، هەردوو سەر بە «امت اسلامی»ن!

- بـەدەم نـەورۆزی ٩١- ەوە دنـیامان پڕكـرد لە شایی باسمان – مان بە دەوڵ و زوڕنا كەڕكرد. فەزا بوو بە ئەلبومی سەمای بریا ئێستا ڕواوەكانمان.
- شوكر ... ئەی پاشای باڵانشین منی جین زادە، منی توركی شاخی- منی برای عەرەب، خەریكە لەبێ دەوڵەتی دەرباز ئەبم، چیتر منداڵانی نەتەوە خاوەن دەوڵەتەكان ناچن بەگژ «عەبدوڵڵا پەشێو»ی منا!

ئۆخەی خوێن –ی شەهید، ڕەنجی ئاوارەیی و ... هاتە سەمەر. ئۆخەی كورد بەرەو دەوڵەت دەچێت.

ئۆخەی ناسیۆنالیزمی کوردی- خەریکە - بە ئاوات بگات.

ئەوەندی پێ نەچوو، نەبوونی رۆحی نەتەوەیی، حیزب و پارتەکانی بەرەو پەرستینی بەرژەوەندی و ئەوپەڕ بەهەرەوەری ئۆپۆرتۆنیستانە برد ... بە سانایی کەرامەتی نەتەوەیی کورد ڕووخا. حورمەتی پێشمەرگە ڕووخا.

سەمای شوومی بەرژەوەند پەرستی لایەنەرەنگامەکان، رۆح، بیر و عاتیفەی قوتابیانی مەکتەبی ئەحمەدی خانی خەفەتبارکرد.

بەرهەمە شێعری و هونەری یەکان، بەیەکجاری شادی - یان مرد. بەعس نەما. استخبارات نەما. عەرەب نەما، بەڵام بەعسیزم بە هەموو شێوەیەک بە ناو جەماوەردا کەڵەگایی دەکرد. خوداکانی تەعریب نەمان، تەحزیب هاتەکایەوە...

«نەپارتی نەیەکێتی، عارەبەکەی پێ پەتی» بوو بە درووی ڕواوی بەر پەرلمانی کوردی!

سەرکردایەتی - مان لەباتی ئەوەی هاو پەیمانانە بریار بۆ رزگار کردنی ئێستراتژیک ترین شاری کوردنشین- کەرکووک بدەن، چرکە ژمێر یان بۆ، چوون بۆ بەغداو ... دەکرد.

لەو سەروبەندەدا کە ناسیۆنالیزمی کوردی وەک تاکە رێگای پێشگرتن لە دووپات بوونە وەی هەڵەکان و تەنیا دەلاقە بۆ دیمۆکراسی، ناهومیدانە، پاشە و پاش بۆ «بایەزید» و «گۆڕ قەرەج» و «بیرکۆت» دەگەرایەوە، لە تەنیشت شایی خوێن و گولە و فرمێسکی ژنی کورددا، «ئەلقاعیدە» «ئەنسار و ئیسلام» و ... هتد بارەگایان بۆ پەروەردەکردن - ی تیرۆریست و مەزادی کلیلی بەهەشت لێ ئەدا، دیاربەکر و ... لە سلێمانی و هەولێر، ئاسایشی زیاتر بوو!!

لە هەمانکاتدا شەپۆلێک هێزی ئینسانی لە باتی وەی وەک «چیچین»ە کان، ماڵ بە جێ نە هێڵن، بەناو بۆمباو سیم و سنووردا نەخشەی غەریبی و ناوونیشانی شارۆچکە یەکی ئەورووپایان هەڵگرت و رۆیشتن، ناهومیدی خاک، ئینسان، ئاو، هەوای خستەبەر پەلاماری بێ رەحمانەی خۆیەوە. نەیارانی کوردیش، شادمانەترین رۆژەکانی ژیانیان تەجروبە و تۆمار کرد.

قەیدی نیە، با ... رۆڵەی کورد- بەفیڕۆ- بکوژرێت، خۆ هەموویان خزم و کەسی سەرکردایەتی - مان نین، با بکوژرێن، یەکتر بکوژن، حیزب ناوی «شەهید» یان لێ دەنێت. حیزب بە حورمەتەوە چاو لە بێوەژن و دایک و باب و منداڵە هەتیووەکانیان دەکات، قەیدی نی یە ... لە باتی پرۆژەگەلی بوژانەوەوئاوەدانی و ... ڕەچاوبکرابا، دینار و دۆلار و .. ئەدرا بەچەک و دەدرا بەدەستی رۆڵەی کوردەوە تایەکتر بکوژن، دەی بەقوربانتان بم ...

سەرئەنجام شەری کورد کوژی- کوردساید، لە ئاستی چەکداری کۆتایی یان پێ هانی، لە سایەی خانمێکی ئەمریکی یەوە - مادڵین ئەلبرایت- بەڵام وەک چاوەڕوان دەکرا، رکەبەرایەتی، بەهەموو شێوەیەک- لە بواری سیاسەت دا، بە ناجوامێرانەترین شێوە- لە فەزایەکی نادیموکراتی دا درێژەی بەژینی ژیانی گەل تاسێنی خۆی دا.

ئاشتی خوازی یان ژێستی ئاشتی خوازانەی سەرکردایەتی مان بوو بە قسەی خۆشی بەرگەراژەکانی سلێمانی و هەولێر. زۆر سەیرە، ئێران و عێراق، ٨ ساڵی رەبەق شەڕیان بوو، ١/١٠٠ مامە و کاکەی ئێمە بۆ ئاشت بوونەوە زەمانیان نەسووتاند!

ئەوەش بۆ نەبوونی ئیرادەی ئاشتی ویستی لە دەروونی کەسایەتی سەرکردایەتی - مان دەگەڕێتەوە زەردەشت و تەنی:

«بەرهەمی بیری چاک، کردەوە و وتاری چاکە» ئەگینا بیرێکی بەرتەسک و تاریک لە کوێ و زمانێکی پاراو بۆ ئاشتی گەرایی لە کوێ؟ دەبێت: شەڕ بۆ سڕینەوەی بێژگە- هەواری خوێن ڕشتن هەموو هەوارو بوارێک بگرێتەوە.

درۆ بوونی هەڵوێستی ئاشتی خوازی برادران لە نەگەیشتن بە هاوپەیمانی دا خۆی پیشان دا.

فەشەل هێنانی ژیانی دیکتاتۆرەکان و ریسوابوونی تیرۆریزم و پەل و پۆکوتانی شەپۆلی «بە جیهانی بوون» بۆ هەمووکەلێن و هێشخان و قوژبنێکی دەسەڵاتە سەرەرۆ و بەستەکان، زەمینەی بۆ هێرشێکی سیاسی، دیپلۆماسی، پڕوپاگەندەیی میدیایی و دواترنیزامی- چەکداری بۆ سەر بارەگای سەدام-ە کان ئەوانەی حاشا ... حاشا لە ئەنفال و کورد کوشتن بێ خەبەر بوون!! ئامادە کرد...

دیسان کەسایەتی قەیران ئاوی و ژەنگ هێناوی کوردی بەرژەوندی نەتەوەیی لە نەبوونی ئێستراتژی و راست نەبوون دەگەڵ بیروڕای گشتی کوردستان دا، قوربانی کرد، مێژوو دووپاتە بووەوە ... ئاخ بازنەی شەق هەڵنەگرتووی مێژووی سەرکردایەتی ئێمە!

«ئەسحابی کەهف» لە ئەشکەوت وەدەرکەوتن، سەرکردایەتی ئێمە، لە خەورانەچڵەکان.

پێم وایە خوداوەندانی پان عەرەبیزم قەت بەئەندازەی سەرکردایەتی ئێمە باسی پاراستنی خاکی عێراق یان نەکردبێت. ئەگەر فایلی ئاخاوتن و چاو پێکەوتنە رۆژنامەوانی و میدیایی یە جیهانی و ناوچەیی یەکانی مامەوکاکە بەسەر بکەینەوە، ئەودەم، تووشی دردونگی دەبین، بڵێی ئەم برادر و اخوان- ە کوردستانی بن!

هێشتا تاکتیک و شوبهە ئێستراتژی لە هەواری ڕێبەرانی مەدا جێ گۆرکێ دەکەن.

ئەوان تەنانەت بەو شەرمەزارنامەیەی بۆ سەرۆک کۆماری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایان نووسی، وەفادار نەمانەوە.

بەو وردە هەڵوێستەی – دوا رۆژی دەرکردنی ١٥٤٦ دەریان بڕی، وەفادار نەمانەوە.

ئێستاش، بە موبارەکی پەرلمان – ە کەمان کە لە هیچ پەرلمانێکی ئەو دونیایە ناچێت- نەکاروباری، نە هەڵبژاردنی پەرلمانتێران، نەماوەی پەرلمانتاری و ... ١٥٤٦ پەسند دەکاتەوە و سەرکردایەتی مان پەرۆشی جێ بە جێ کردنی برگە ئەرەوی یەکانی‌یەتی. صباح الخیر یا اخی!

چار چی یە؟ هەروا چاو لە زمانی پڕ تەردیدی ئەوان بکەین! وەک هەمیشە گوێڕایەڵی فیتوای حیزبی ئەوان بین! خۆ ئامادە بکەین تا لە پێناو سەروەری رەنگەکاندا- جارێکی‌تر – یەکتر بکوژین و خەونی نەتەوەیی ناسیۆنالیزمی کوردی سەربڕین؟

نامەوێ بچمە سەر مینبەر و فیتوا دەربکەم، بەڵام، ئەوەی لەئەمرۆدا، سەردەمێک کە هەستی حیزبی جێگای عەقڵانیەتی سیاسی گرتۆتەوە، بەزەینم دەگات.

١- یان هەڵوێستی جەماوەری کوردی باشوور جووتە لەگەڵ هەڵوێستی سەرکردایەتی، کە ئەگەروا بێت، دەشێ بزوتنەوەی نەتەوەیی کورد، گوڵبارانی «قەڵا چوالان» و «سەری ڕەش» بکەن و لەسەر دەستی ئەوان تۆبە بفەرموون.

٢- یان هەڵوێستی جەماوەری کوردی باشوور لەگەڵ هەڵوێستی سەرکردایەتی یەک نی یە.

ئەودەم دەبێت، جەماوەر بڕژنە سەرشەقام و بە شێوەگەلی مەدەنی، دیموکراتی تێکرای رۆشنبیرو پێشمەرگەی نەتەوەیی، «**نەء ... بۆ ... فیدرالیزم**» بڵێنەوە و لەهەمانکاتدا سەنتەرێک بۆ رێکخستنی بەرەی سەربەخۆیی خواز و دەوڵەتی کوردی ویست پێک بهێنن، کە ئەنجامی ئەو کردەوەیە: یان شەڕێکی بەهرەدارو خوێناویە، یان بەرەسمییەت ناسینی سەربەخۆیی کوردستانی باشوورە، شەپۆلی ئاگرینی جەماوەری خەڵکە، سەرکردایەتی مان و شیار دەکاتەوە نە هیچ شتێکی تر.